www.kurdistannet.org
15-2-2006 10:54 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# هەڵبژاردەی كوردستان با هەڵبژاردەی یەک لایەن نەبێت ... ئەنوەر خەراجیانی

لە كوردستاندا حیزبە دەستەڵات دارەكان كاریگەریەكی ڕاستەوخۆیان هەیە لە بەڕێوە بردنی ئیدارەی وەرزش، بۆ نموونە هەر دوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێرهەموو یانەویاریگاكان و تیپە میلیەكان تادەگاتە لیژنەی باڵای وەرزش ولیژنەی ئۆڵۆمپی لە ژێر دەستەڵاتی بەڕێوە بردنی حیزب دایە زۆربەی بەرپرسانی وەرزشی ئەمڕۆ ئەكادیمی نین، یان وەرزشكارە ئەكادیمێكان لە ژێر دەستەڵاتی بەرپرسێكی حیزبی كاردەكەن لە ئیدارەی هەولێر بۆ نموونە ئەگەر یاری زانێك سەر بە پارتی نەبێت ئەگەر چاكترین یاری زانیش بێت وەك (مارادۆنا) باوەڕناكەم یاری پێ بكەن، بەڵام بەداخەوە هەردوو ئیدارە پارەیەكی زۆرسەرف دەكەن لە هێنانی یاری زان و ڕاهێنەری عەرەب بۆ ناو كوردستان.
١٧ /٩/ ٢٠٠٥ هەڵبژاردەی كوردستان ئیدارەی هەولێر یاریەكی دۆستانەی ئەنجام دا لە گەڵ یانەی مینای بەسرا، دوای یارییەكە هەڵبژاردەی كوردستان كەوتنە ڕێ بەرەو كوریای باشوور ئایە ئەو هەڵبژاردەی كوردستانە كە چوون بۆ كۆریای باشوور هەڵبژاردەی ئیدارەی هەولێر بوو یان هەڵبژاردەی كوردستان بوو؟؟؟؟؟؟ هەڵبژاردەی ڕاستەقینەی كوردستان دەبێت ئیدارەیەكی بێلایەن سەرپەرشتیاری بكات نەك حیزبێكی سیاسی.
لە زووربەی وولاتانی جیهاندا وەرزشیان جیا كردۆتەوە لە سیاسەت، بەڵام بەداخەوە لە كوردستان وەرزشیان لكاندووە بە سیاسەتەوە، ئیدارەی گشت یانەكان ئەندامی حیزبەكان دەی بەن بەڕێوە.
با هەڵبژاردەی ڕاستەقینەی ئەم جارەمان پەیوەندی نەبێت بە هیچ لایەنێكی سیاسییەوە.
یەكێتی تۆپی پێی كوردستان نا بێت یاری زانانی هەندەران لە بیر بكەن، ئەمڕۆ لە هەندەران چەندین یاری زانی باش پەیدا بوون لە سەر ئاستی یانە پلە نایابەكانی ئەوروپا یاری دەكەن وەك یاری زان (بوار كەریم) دانیشتووی وولاتی سویدە و یانەی كامپوری هوڵەندی كرویێتی، نەژاد ئەسعەد دانیشتووی وولاتی سویدەو یانەی ئۆدێنسێی ئیتاڵی كرپویێتی زۆر یاری زانی تر ئامادەشن هەموو كاتێك یاری بكەن بۆ هەڵبژاردەی كوردستان، لە خولی كیشوەری ئەفەریقا زۆربەی یاری زانانی وولاتانی ئەفەریقی یاری زانی یانەكانی ئەوروپان، لە كاتی یاریكردنی وولاتەكاندا یانەكانیان جێ دەهێڵن و ڕوودەكەنەوە وولاتەكانیان بۆ بەشداری كردنی خولی یاریەكان من ئامادەم یارمەتی یەكێتی تۆپی پێی كوردستان بدەم لە بواری زانیاری یاری زانانی بە توانای كورد لە یانەكای ئەورووپادا تا بتوانرێت پەیوەندی یاری زانان و یەكێتی تۆپی پێ بە هێز بێت لە هاوینی ئەم ساڵدا پلان داڕێژراوە بۆ گەشتێك بۆ هەڵبژاردەی كوردستان بۆ هۆڵەندا، یەكێتی تۆپی پێی كوردستان دەبێت هەوڵكی جدی بدات بۆ سەرژمێرێكی یاری زانانی كورد لە هەندەران، ئەوكەسانەی كە ئاستیان بەرزە لە بواری وەرزشیدا دەبێت ئیدارەی وەرزشی كوردی سوودیان لێ وەربگرن وەرزش مایەیی پێشكەوتنی وولاتە. بە وەرزش وولاتەكەت بناسێنە بە جیهان.

ئەنوەر خەراجیانی
پەیام نێری كوردستان نێت
anwar@malmo2. net

10:54 15-2-2006 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا



هەڵبژاردەی کوردستان ئیدارەی هەولێر




یاری زانی کورد (بوار کەریم) بۆ پلەی یەکی هۆڵەندا یاری دەکات بۆ یانەی کامپور

هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان

